# بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی سوودمەند بین

## بەشی یەکەم – 8 -

### هەردەوەری

ئێوارەیەک بە نیازی ڕاو و کاردی لاوەکان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون تا بۆ (بن کێلان) بڕۆن کە دەکەوێتە دیوی کێوی (ڕوەڵە)، بە دیوی حافیز و بەرسیرینەوەیە،بەیانی زۆر زوو دەنگی تەقە هات، ئەمەش نیشانەی دەرکەوتنی کاردی کەران بوو. کاتێک سەیرم کرد کچ و کوڕ تێکەڵاو بەرەو ڕێگەی کۆسپان بەرەو خوار دەڕۆیشتن، بەپەلە چوومەوە و بە دایکم گوت: زوو هەندێک نانم بۆ ڕانوشتە، منیش دەچمە ڕاوو کاردی! دایکم بە ڕوویێکی گرژەوە گوتی: (کوڕم مەچوو! باوکت لێت دەدات! بە قسەی من بکە مەڕۆ)، گوێم نەدایێ. کاردی کەرەکان لەسەر جۆخینی (تیسوانی) ڕەش بەڵەکیان دابەستابوو، شایی گەرم بوو، کچەکە ( گراوەکەم) ئەوەی دەیگوت ئاڵۆز وبڵۆز بوو کەچی خۆشترین شایی لەبەر دەگەڕا!. ئەوەش نیشانەی ڕۆیشتنی لاوان بۆ چیا بوو، لەوێ بەرەو کۆسپی ناو خەراب بەڕی کەوتین. کۆسپی ناوبراو تاکە ڕێگەیەکی تەنگی هەیەو هەڵدێریشە، هەر ئەوڕێگەیەشی هەیە،، لە کۆنەوە ڕەووشت بووە کوڕان ڕێگە لە کچان بگرن، گۆیا دەبێ باج لە کچان بستێنن،باجەکەش ماچ بووە!

پێش بگەینە کۆسپە حەمەدئەمین گچکە سەری هێنایە بن گوێم و گۆتی: (بڕۆ کۆسپە بگرە! داوای باجیان لێ بکە! کەس بۆتۆ هیچ ناڵێت لەبەر ئەوەی نیوە پیاوی! بە منداڵ دا دەندرێیت). بە قسەی (گچکە) ڕۆیشتم و لەسەر کۆسپە لە شوێنەبەر تەنگەکە دانیشتم، هەڵدێربوو، بە کچەکانم دەگۆت" باجم دەوێ". بێگومان ژن و پیرەژنەکان دەڕۆیشتن، هەندێکیان لە کامڵەکچەکان بسکیان بڵند دەکرد و دەیان گۆت: هاوەرە ماچ کە! بەڕاستی شەرمم لێیان دەکرد، ناچار کۆسپم بەجێهێشت.

ماموژنە(خەدیج) پیرەژنێکی قسە خۆش و دڵ پاک بوو، لێم نزیک بووەوە گوتی: (ماموژنت بە قوربان بیت چاکت کرد کیژۆڵەکانت ئیزن نەدان ئەوانە پاوانن دڵیان مەشکێنە!

لە کۆسپان دەربازبووین، لە نزیک شاخە سوور کۆمەڵێک بزنەکێوی ڕاپەڕین، ئەوەندە چووست بوون زۆر بە دڵەوە سەیرم دەکردن ، یەکەم جار بوو کێوی بە زیندوویی ببینم، لەوێ سەرکەوتم و ڕۆیشتمە بەردی نێریان لە لای سەرەوە لە تەڕاشە گەورەکە نزیک بوومەوە، هەر ئەوەندەم دیت بەرازێک لە ناو تەڕاشەکە دەرچوو، سەرەو ژێر تێی تەقاند، لەگەڵ ڕاپەڕینی دا گوێم لە قیژە و هاوارێک بوو، بەغار ڕۆیشتمە خوارەوە، هەمین کچی قادری وەسمانی کەوتبوو، لە دەرپەڕینی بەرازەکە ترسابوو. ڕاستم کردەوە، بانگی کچەکەم کرد هات، بە هەردووکمان بۆ سەر بەهارەکانیەکەی سەر ڕێگە بردمان، سەروچاوی شوشتن لەوێ کەمێک ڕاکشا،دوایی من لەگەڵیدا بۆ (گۆمەویان) ئەو شوێنەی دیار کرابوو نیوەڕۆ لێی کۆببینەوە، ڕۆیشتم. لەوێ پاڵی دایەوەو خەوی لێ کەوت. تا نیوەڕۆ من بە دیاریەوە دانیشتم، هەر کاردی کەرێک دەگەیشتە ئەوێ بەپەلە تێلەکەی دادەناو دەچوو دەستی شایی دەگرت، بەوشێوەیە هەتا درەنگ لە گۆمەویا ڕەش بەڵەک دەگەڕا.

هەمین کچی قادری لە توانای دا نەبوو بۆ چیا بڕواتەوە، ناچار لەگەڵیدا بۆ گوند بە ڕێگەی (بەستێ شەمێ )دا ڕۆیشتینەوە بۆ **وارکوریش**، کاتێک گەیشتینە (کانی داوەری)، کچە ویستی چاوان بشوات، بەلا داهات، خەریک بوو بکەوێتە ناو کانیەکە، زوو باوەشم لێداو نەمهێشت بکەوێ. کچەم ڕەنگی تەواو تێکچوو بوو، سپی هەڵگەرابوو، زۆر ترسام نەوەک بمرێت، باشبوو دوایی کچە هاتەوە سەرخۆ، لەوکاتەشدا مەلا ئەحمەدی مام قادری گەیشتە سەر کانیاوەکە. ئیدی وردە وردە ڕۆیشتین، هەچۆنێک بوو کچەم گەیاندەوەماڵیان. پورە(فاتم) نەنکی هەمین منی گرتە باوەش و زۆر بەگەرمی ماچی کردم. هەمین تەواوی بەسەهاتەکەی بۆ ماڵی خۆیان گێڕابۆوە، بۆیە بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە لە منیان دەڕوانی.بەتایبەتی پورە (فاتم)ی نەنکی.

ئەو بەسەرهاتە بەخێر بۆمن شکایەوە، بە بەباوکم گەیشتبۆوە بۆیە هیچی پێنەگوتم، کەچی دایکم هەر دەترسا نەوەک باوکم لێم بدات.

### ماڵمان بۆ دۆڵە منجەل دەگوازرێتەوە

دوای کارەساتی لەناوچوونی تاقانەی بنەماڵەی پادشای ڕواندز (ئیسماعیل بەگ )، پیاوێکی فەلە بەناوی وەستا ئیساق سەر پەرشتی کاری ماڵە گەورەکەی بەجێماوی(ئیسماعیل بەگ) دەکرد، لە ساڵی١٩٣٣ وە هەتا سەرەتای١٩٤٠، هەروەها یەحیا بەگ یەکێک لە خزمەکانی (ئیسماعیل بەگ) کاروباری بەڕێوەبردنی بنەماڵەی گرتبووە دەست، ناوبراو هەندێ کاری پێویستی ئەنجام دا، گوندەکانی (دۆڵە منجەل، وارەکۆن، میراجیا و جنێراوە) کە هی ماڵ ئیسماعیل بەگ بوو بە سلێمان بەگ( باوکم)ی دا، ئەوەش لە پاداشتی ئەو دەستوبردەی کە لە کاتی کارەساتەکەدا کردبووی، واتە لەبەرانبەر هەڵوێستە نەگۆڕەکانی سلێمان بەگ دابوون

یەحیا بەگ بۆ جێنشین بوونی سلێمان بەگ لەو گوندانەی ناومان هێنان یارمەتی سلێمان بەگی دا، دوو هێسترو دوو گای بۆ کڕی و خیوەتێکی زۆر گەورەی بۆ نارد، هەندێ پارەشی پێدا.

سلێمان بەگ پێش ئەوەی ماڵەکەی بۆ دۆڵە منجەل بگوازێتەوە چەند ماڵی هەناردنە وارە کۆن و جێنشینی کردن، ماڵی عەلی شێرکاوەیی و حەسەن خاسکە و عەزیزە کوڕی ماویلی. هەڵبەت بەر لەوەی ئەو ماڵانە بچنە ئەوێ تانیا ماڵی عەولاغا گەرۆیی لێ بوو، ناوبراو خاوەنی مەڕو ئاژەڵێکی زۆر بوو، هەموو هەست و مستێکی بەدەستی خۆی بوو، کەسی لە خۆی هەوراز تری نەبوو، بەڵام کاتێک گوندەکان بە سلێمان بەگ درابوون بە عەولاغا ڕاگەیاندرابوو کە دەبێ ئەویش وەک سەپانەکانی تر مەرجەکانی جێبەجێ بکات، ئەو ڕاگەیاندنە ناوبراو پەست دەکات. دەڵێن کاتێک ئەوەیان پێڕاگەیاندووە لەسەر باگوردانێک دانیشتوە و قاچی لەسەر قاچی داناوە، گوتویەتی: ناوەڵلا قەت ناگونجێ دوو سەرکە بەران لە مەنجەڵێکدا بکولێن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە نابێ دوو ئاغا لە گونددا هەبن. دوایی بەدیار کەوت (عەولاغا) پیاوێکی ئەوەندە زانا نەبوو، وای دەزانی دەبێ هەروابێت کە خۆی دەیەوێت، مرۆڤێک بوو دوور لەکۆمەڵ دەژیا، وای دەزانی دایکی ئیسماعیل بەگ پێی گوتوە بڕۆ وارەکۆن ئیدی تەواو کەس نییە بەرهەڵستیت بکات.

دێتەوە یادم بەهار بوو کە ماڵمان بۆ دۆڵە منجەل گواستەوە، لە سەر گردەکەی وارەکۆن، لە نزیک گۆڕستان دا ئەو چادرەی یەحیا بەگ ناردبووی هەڵیاندا، بەوهۆیەوە زاندرا کە ماڵی سلێمان بەگ هاتۆتە دۆڵە منجەل، ئیدی سلێمان بەگ دەست بەکار بوو، لە بەرزێوە (کەریم شەریف) بەرو بوومی زەویەکانی دەهێنا، وردە وردە بەرهەم کۆ دەکرایەوە، گوندە چۆڵەکان ئاوەدان دەکرانەوە، لە وەرزی زستان داهەندێ ماڵی خاوەن ئاژەڵ بۆ پووش خۆرانە داندرانە سەر پاوانەکان، بەهاتنی ئەو ماڵانە بۆ سەر پاوانەکان عەولاغای پەست کردبوو.

لە دوای دامەزراندنی ماڵمان ڕۆژێکیان لەگەڵ عەلی شێرکاوەیی یەکێک لە پیاوەکانی باوکم بۆ ڕواندز ڕۆیشتم، کاتێک لە سەربازگەی ڕواندز نێزیک بووینەوە، لە هەموو کەندو بن تەڕاشەکان (کەرووک شێران)و دەوروبەری قشلە(حامیە)لە هەر بن تەڕاشێک دووسێ سەرباز خۆیان بواردبوو، خوودەی ئاسنیان لەسەری بوو، لە چەند شوێنێک مەترەلۆزیان لەسەر پایەکان دانابوون، لوولەیان بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە، زۆر بەووردی سەیری سەربازەکانم دەکرد، لەبەر ئەوەی یەکەم جاربوو شتی ئەوها ببینم، لە مام عەلی شێرکاوەییم پرسی: (ئەو سەربازانە بۆچی ئەوها ئاڵۆزن خۆیان بواردوە لەچی دەترسێن؟) مام عەلی گوتی: (لەگەڵ ئینگلیز شەڕە، لە ترسی فڕۆکە خۆیان شاردۆتەوە، وا دەبینی لوولەی مەترەلۆسەکانیان بەرز کردۆتەوە دەیانەوێ ئەگەر فڕۆکە هێرش بۆ سەر بازگەیان بکات تەقەی لێبکەن! لە سەربازگە تێپەڕبووین، لە ڕێگەدا هەر بیرم لە سەربازەکان دەکردەوە، لە پێچەکان سەرکەوتین و گەیشتینە ڕواندز، خەڵکی شار ئاڵۆزبوون، باسی ئەوە دەکرا کە فڕۆکەکانی ئینگلیز زۆر بەبێ بەزەیی لە بەغدا دەدەن زیانێکی زۆریان بە بەغدا گەیاندوە

دەنگ وباسێکی وا بڵاو بۆوە کەوا خەڵک ناو نووس دەکرێت تا بڕۆنە شەڕ دژی داگیرکەرانی ئینگلیز، شەڕلە بەغدا و حەبانیە گەرم بوو. ڕواندز یەک ڕادیۆی لێ بوو، کاتی دەنگ وباس خەڵک دەچوون و گوێیان لە دەنگوباس دەگرت کە بە تورکی بوو، ئەو شەوە لە ڕواندز ماینەوە لەماڵی نادرئاغا، دوای نان خواردنی مەغریب ئاغا لەگەڵ خۆی بۆ چایخانە بردمی، ئەوێ ڕادیۆی لێ بوو، گوێیان لە دەنگوباس دەگرت، کۆمەڵێک پیاوی کامڵ لەتورکی دەگەیشتن کاتێک ڕادیۆ دەستی پێکرد خەڵک کشومات گوێیان ڕاگرتبوو، کاتێک ڕادیۆ دەستی بەقسەکردن کرد، زۆر بەووردی سەیرم دەکرد، ڕادیۆکە زۆر گەورەبوو، ئەنجامی دەنگوباسەکە بەوە گەیشت کەوا ئینگلیزەکان گەرانەوە بەغداو ڕەشید عالی ڕای کردوە، هەست دەکرا بەگرتنەوەی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە خەڵک دڵتەنگ بوون، بەشی زۆری جەماوەر نیگەران بووبون.

### هاوینە هەوار

گوندی وارەکۆن بەهاوین گەرمەو ئاوەکەشی ناسازو گەرمە، بۆیە بۆ هاوین ڕۆیشتە گوندی جنێراوە کە پڕ لە دارو درەختی جۆراو جۆرە، ئاوێکی سازگاری لە ئاوی (دەنگار)ەوە بۆ دەچێت. جنێراوە کەوتۆتە بناری هەندرێن، بەرانبەر چیای زۆزک کە ڕووباری ڕواندزی بە بەین دا دەڕوات، لەناو یەکێک لە باخچەکان دا کەپرو ساباتێکی گەورە دروست کران، ئاوە ساردەکەی لە(دەنگار)ێ ڕا دەهات بەناوساباتەکەدا دەڕۆیشت، لەڕاستیدا هاوینەهەوارێکی کەم وێنە بوو. تا سەرما داهات هەر لەوێ ماینەوە، دوایی بۆ شوێنی خۆمان گەڕاینەوە.

لە سەرەتای بەهاری (١٩٤١)سەربازگەیەکی ئەندازیاران چادریان لەو بەری ڕوبار هەڵدا، خەریکی سەنگەر لێدان بوون، لەسەر گردێک سەنگەریان دروست کرد، لەو بەرو ئەو بەری بناری چیایەکانی زۆزک و هەندرێن سەنگەری پتەوی و قایمیان دروست دەکردن کە ڕوویان لە ڕێگەی (حاجی ئۆمەران) دا بوون، مەترسیان لەو ڕێگەیە هەبوو. دوو ئەفسەری بەشی ئەندازە (ملازم عەلی عەزیز ئامێدی و ملازم فەتاح شاڵی سلێمانی) کورد بوون، ئەو ئەفسەرانە بوونە ناسیارو زوو زوو دەهاتنە ساباتی ئێمە، بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی ، لەوکاتەی ئەفسەرەکانی کورد لە حامیەی ڕواندز دەهاتنە سەر ئاوی (دەنگار) لەوێ بەیەک دەگەیشتن و یەکتریان دەبینی، (جەلال ئەمین بەگ، ملازم نوری حەکیم جەلال باڵتە و عەبدولڕەحمان قازی) زوو زوو دەهاتن کە جار جارە هی تریشیان لەگەڵ دەهاتن.

ڕۆژێک ئەفسەرەکانی بەشی ئەندازیاری لەسەر گۆڕستانی پشتی گوند کاریان دەکرد، لە ماڵەوە هەندێ تری وهەنجیریان دایە دەستم و بۆ یانم برد، ملازم عەلی گوتی: (زرار دایکی تۆو عزتی برات جیان؟ ) منیش گوتم :" بەڵێ" ئەوسا لە ئەفسەرەکەی دیکە کرد و گوتی: (بزانە چۆن زانیم! باوکی وەک یەک سەیری ئەمەیان ناکات! هەست بەجیاوازی کردنیان دەکرێ). دیاربوو بێگانەش هەستیان بەو جیاوازیە دەکرد کە باوکم لەنێوان ئێمەدا دەیکرد.

ماویەتی



راوەستاو، لە ڕاستەوە بۆ چەپ: **ماموستا جەبار، حەسەن حاجی تاهیر،شێرزاد سلێمان بەگ**

دانیشتوو، لەڕاستەوە بۆ چەپ: **کاکە سوور(منداڵ)، ئەنوەر مستەفا ئەفەندی، کاکەڕەش(منداڵ)، عزەت سلێمان بەگ، زرار سلێمان بەگ**

**ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٦١ گیراوە**

## دەروون دونیا

### پەتای کۆلێرا لەنێوان دڵسۆزی و خیانەتدا

کۆلێرا نەخۆشیەکی کۆنە، بەڵام دوای ئەوەی کە زانستی تەندروستی و پزیشکی پێشکەوت توانیان سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنن و زاڵ بن بەسەر ئەو نەخۆشیەدا. ئێستا لە جیهاندا ئەم نەخۆشیە بەڕێژەیەکی زۆر کەم ماوەتەوەو کاریگەری ترسناکی ئەوتۆی نیە بۆسەر ژیانی مرۆڤەکان تەنانەت لە وڵاتە زۆر هەژارو دواکەوتوەکانیش.

لە کوردستان دا کە زیاتر لە شازدە ساڵە خەڵکی لە سێبەری داری ئازادیدا ژیان دەگوزەرێنن و حکومەت و پەرلەمانی خۆیان هەیە کە ناویان ناوە حکومەتی مەدەنی و خزمەتگوزاری. لەسایەی سەری حزبەکانیش بەزیادبێ باشترین بودجەشمان هەیە. ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ هەندێ وڵاتانی دراوسێ و جیهان ڕەنگە ئێمە دەوڵەمەندتر بین، ئەگەر هەندێ لەو وڵاتانە قەرزاری دارایی بن ئێمە نەک هەر قرانێک قەرزارنین بەڵکو دەیان پرۆژەو بانکی پارەشمان هەیە لەناوخۆ و دەرەوەو وڵات. ئەگەر ئەوان شەهیدیان نەدابێ و بە کودەتا یان بە یاسای پشتاوپشت حوکمیان وەرگرتبێت ئەوا ئێمە دەریایەک خوێنمان ڕشتووە تا گەیشتوین بەم ڕۆژە ئەگەر حکومەتەکانیان لەچەند وەزیرێک پێک هاتبێ ئەوا حکومەتی ئێمە چل و دوو وەزیری هەیە.

بەڵام ئەی ئەوانەی هەژار بۆچی کۆلێرا لێیان نادات لە ئێمەی دەسترۆ دەدات؟ بۆچی پیسترین شاری باشوری عێراق بەم بێ حکومەتیە بەم بێ سەروبەرەییە بەم ئاژاوەیە کۆلێرای تیا نیە بەڵام لە کوردستانی پاک و ئاوهەوا سازگاردا کە هەزاران کەس بۆ گەشت و گوزار ڕوی تێ دەکەن کۆلێرا بڵاودەبێتەوە؟

ئەگەر لە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە وردبینەوە، دەردەکەوێ کە کۆمەڵێ هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، هۆکاری سیاسی و خیانەت لە ئیش و کاردا لە پشتی ئەم نەخۆشیەوەدان. هەموو کەسێکی ژیر دەزانێ کە پاکوخاوێنی سەرەکی ترین هۆکاری لەش ساغییە بەڵام بۆچی لای ئێمە شێوێنرابێ و وڵات پیس کرابێ؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بزانین لیژنەکانی چاودێری تەندروستی و لیژنەکانی پاکوخاوێنی شارەوانی و لیژنەکانی ئاسایش و چاودێری بازاڕەکان لەهەندێ شوێن و شاردا زۆر کەمتەرخەم بون و چاوپۆشیان لەم و لەو کردووە، چ بەهۆی برادەری یان خزمایەتی یان بەزەیی یان بەرتیل وەرگرتن کە ئەمانە خیانەتی نیشتیمانین.تا ئێستا لە زۆر شوێن سەوزە بە ئاوی زێراب و پیساییەکان دەکرێ و هیچ مەرجێکی تەندروستیان تیا نیە. تا ئێستا فەرمانگەی ئاو بەشێوەی ئەندازیاری و تەندروستی بۆری ئاوی بۆ هیچ ماڵێک ڕانەکێشراوە باسی کارگەی سەهۆڵەکان و گۆشت فرۆش و ئاژەڵەکانی ناو شار ناکەن.تا ئێستا چەندەها سەرچاوەی ئاو پیس بووە بەهۆی تەرمی خنکاو کە لەئاوەکەدا نەدۆزراوەتەوە یان ئاژەڵی مردارەوەبووی تیا فڕێ دراوە یا دەرمانی پیسیان تێ کردووە بۆ کوشتنی ماسی کە سەرجەم گیانەوەرانی دیکە دەکوژێ و ئاوەکە پیس دەکات.بە هۆیە دەرەکیەکانیش دژایەتی کردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتەکەی لەلایەن کۆمەڵێ خەڵکی شۆڤێنی ناو عێراق و دەرەوەی عێراق کە چاویان بەم ئارامیەی کوردستان هەڵنایە. ڕەنگە بۆ تێکدانی ڕەوشی هەرێمەکە وە دورکەوتنەوەی گەشتیاران دەستیان هەبێت لە دروستکردنی دەیان کێشە بۆمان کە ئەمە یەکێکیانە، بەهەر ڕێگەیەک بێت دەتوانن بیکەن چ بە ناردنی خۆراکی بەسەراچوو یان پیسکردنی ژینگەو سەرچاوە ئاویەکانمان یاخود ناردن و بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی نەخۆشی بۆیە ئەرکی هەموو کەسێکە لە گەورەترین دەسەڵاتەوە بۆ بچوکترین تاکی ئەم هەرێمە چاوکراوەو وریابن لە دەستی خیانەتی ناوخۆ و دەرەوە لە بندا ببڕن.